تیشکێك بۆ سەر پەروەردکاری رەوتی ئیسلامی و ئیسلامییەکانی کورد

لەوەهمی مردنێکەوە تا مردنی وەهمەکان

ئیبراهیم مەلازادە - هۆڵەندا

پەروەردەکردن، ئەو تێرمە ئاڵۆزەیە کە بەدرێژایی مێژوو، فەیلەسوفەکان، ئایین، زانایانی بوارە جیاجیاکانی زانستە مرۆییەکان باسیان لێوە کردووەو بەشێوازی جیاجیا پێناسەیان کردووە. پەروەردەکردن لە هەموو حاڵەتەکاندا دەست تێوەردانی مرۆڤە لەشێوەی دارشتنی پێکهاتەو رێڕەوی کەسەکان، ئاڕاستەکردنی پەروەردەکراوانە بەو رووگەی کە پەروەردەکاران دەیانەوێ. لەقالبدانێکی رێژەییە بەقەد ئاستی ئەو تەوژمەی کە دەخرێتە سەر مرۆڤی پەروەردەکراو. گومان لەوەدانییە کە هەموومان بەجۆرێك لەجۆرەکان دەستمان هەیە لەدیاریکردنی ئاڕاستەی منداڵەکا نمان یا کەسێکی نزیك یا برادەرەکا نمان، یا هەرکەسێکی تر. لەبەر ئەوەشە پەروەردەکردن بوارێکی مەترسیدارەو دەکرێ ئاکامی باش یان خراپ لێ بکەونەوە. دەکرێ ئەو پەروەردەیە بەشێوەیەکی راستەوخۆ کاریگەری لەسەر بەختەوەری یا بەدبەختی کەسی کارتێکراو هەبێ.

کۆمەڵگا، بەهەموو فاکتەرە کولتووریو کۆمەڵایەتیو سیاسیو زانستیو ئابوورییەکانییەوە کارتێکردنێکی چارەنووسسازی هەیە لەسەر ئەندامانی کۆمەڵ. ئینجا قوتابخانەو حیزبو دەزگا ئایینییەکان دێنو سەرلەنوێ کارایییەکی دیکە دەخەنە سەر ئەو ئەندامانەو بەرەو ئەو ئاڕاستانەیان دەبەن کە ئەو دەزگایانە دەیانەوێ.

لێرەدا لەدووتوێی ئەو بابەتەی لەژمارەی (١٦١)ی (میدیا)دا بڵاوم کردەوە سەبارەت بەرێفۆرم لەقوتابخانە ئایینییەکان، کە لەخۆیدا بابەتێکی ئاڵۆزەو پراکتیزەکردنی ئاسان نییەو ئەو لایەنەی پێیشی هەڵدەستێ دەبێ ئەهلییەتی ئەو جۆرە پراکتیزەکردنەی هەبێ. لەدووتوێی ئەو بابەتەدا دەمەوێ باس لەو وتارە دینییە بکەم کە دەرهاوێشتەی ئەو پەروەردە کردنەیە کە ئامانجی سیاسی وەخۆ هەڵدەگرێتو رەوتێکی تازە پێك دێنێ کە پێیدەڵێن رەوتی ئیسلامی.

هەڵبەت باس کردن لەو شێوازە پەروەردەییەی کە لەمزگەوتەکان بەرێوەدەچێ سیمای جیاوازی هەن بەبەراورد کردن لەگەڵ دەزگا پەروەردەییەکانی تر. کەواتە دەتوانین قسە لەرێفۆرمی میتۆدەکانی پەروەردەی رەوتی ئیسلامی بکەین؟ ئایا رەوتی ئیسلامی هیچ پەیوەندییەکی ئەوتۆی هەیە بەدەزگا دینییە تەقلیدیەکان؟

بەر لەوەی باس لەرێفۆرم بکرێ دەبێ باس لەناوەرۆكو پێکهاتەی ئەو جۆرە پەروەردەیە بکرێ. ئەگەرچی ریفۆرمی ئەو پەروەردەیەش ئالیەتێکی تایبەت بەخۆی پێویستەو لەپراکتیزەکردنی ریفۆرمیشدا ئەستەمە قسە لەو لایەنە بکەین کە پێی هەڵدەستێ. بۆیە لێرەدا باس لەخودی ریفۆرم ناکەم، تەنها هەوڵی خوێندنەوەیەکی هێمنانەی ئەو وتارە دەدەم کە رەنگدانەوەی ئەو جۆرە پەروەردەیە کە کارایەکی گەورەی هەیە لەسەر تاکی مرۆڤ بەتەواوەتیو رەوتی ژیانی بەرەو ئاڕاستەیەکی تەواو جیاواز دەبات، تائاستی پێچەوانەبوونەوەی تەواو لەگەڵ کۆمەڵگادا.

گومان لەوەدا نییە دین یەکێکە لەلایەنە هەرە هەستیارەکانی ژیانی مرۆڤ. دین لەدوورو نزیکەوە کارایەکی راستەوخۆو کاریگەری هەبووەو هەیە لەسەر تاکو کۆمەڵ. زۆربەی جاران دین وەکو ئاڕاستەکارو پەروەردەکارو رێنیشاندەر رۆڵی خۆی بینیوەو دەبینێ. هەر ئەو کاراو کاریگەرییەشە هەموو خانەیەکی بەتاڵ لەجەستەی مرۆڤی ئێمە پڕ دەکاتو پاوانی

کتێبی مەودودی بنچینەیترین کتێبی پەروەردەکردنیانە کە یەکە مجار دایك و باوك لەبەرەی دژدا دادەنێ.

هەموو حیزبە ئیسلامییەکانی فەلەستین ئاڵای فەلەستین هەڵدەدەن و لەنێوچەوانی خۆیان دەبەستن، بەڵام ئیسلامیەکانی کوردستان نەك هەر ئاڵای کوردستان لەنێوچەوانیان نابەستن بەڵکو بەئاڵایەکی بۆگەنیشی دەزانن

دەکات. هەموو کۆنو کەلەبەرێك لەکۆمەڵگای ئێمە بارگاوی دەکاتو داگیر دەکات. قالب بۆ هەموو شتێك دروست دەکات. بۆیە دەبینین لەکۆمەڵگای ئەمرۆماندا هەندێ خاڵی هاوبەش هەنو مرۆڤەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، لەوپەڕی چەپەوە تا ئەوپەڕی راست، لە مسقۆفترین بێدینەوە تا وشکترین دیندار، لەکراوەترینو مۆدێرنەترین مرۆڤەوە تا سەلەفیترینو داخراوترینی مرۆڤەکان، لەنێو ئەوانەدا هەمووان کۆمەڵێك پێکهاتەو خاڵی لەیەکچو دروست دەکات کە هیچیان ناتوانن لێی قوتار بن، چونکە لەدوا مەنزڵدا دەبنە موڵکی کۆمەڵگاو لەناو خۆیدا دەیانهاڕێت، زۆربەی جارانیش مۆرکی دینییان وندەکەنو دەیانکات بەکولتورو لێلادانی ئەستەم دەبێت.

لەجیهانی ئیسلامیدا بەتایبەتیش لەجیهانی عەرەبی ئەمرۆدا کارایەکی دینی بەهێز ئامادەیە، لە دەرەنجامی ئەو کارا بەهێزەدا کۆمەڵێك دەرهاوێشتەی هەمەجۆری لێکەوتونەتەوە، لەسەرەوەی هەموشیاندا دیاردەی ئیسلامی سیاسیە. سەرەتا لەمیسری عەرەبیدا لە حەسەن بەنناوە بەفیکرێکی سادەی زیاتر سۆفیانە دەست پێدەکات، دواتر تێپەڕدەبێت بەکۆمەڵێك زانای ترو کادیری تازەو کارا بەرهەم دێنن. ئەو بزاڤە ئیسلامیانە بەکۆمەڵێك بارودۆخی هەمەجۆردا تێپەڕ دەبنو کۆمەڵێك دەرهاوێشتەی دیارو جیا بەرهەمدێنن. پاشان لەئاکامی بارودۆخێکی بارگاوی بوو بەملمانێی سیاسیو شەڕو هاتنی فیکری هەمەجۆری بیانی ئەو دیاردە دەپەرێتەوە بۆ وڵاتانی دیو تۆڕێکی ئاڵۆز دروست دەکات لەنێوان خۆیدا. ئەم دیاردە نوێیە دێت زۆر بەتوندی گەمە لەسەر ئەو تایبەتمەندییە دەکات کە لەپێشەوە باسمکرد ئەویش تایبەتمەندی دینییە لەمرۆڤدا. ئەو وزە ناوەکییە ونەی ناو هەناوی ئینسان دینێتە دەرەوەو ئاڕاستەی دەکات بەرەو ئەو ملمانێیەی کە ئەو سەرکردەو مامۆستاو سیاسیو رێبەرە دینیانە نەخشەی بۆ دەکێشن. بەکاری دێنن بۆ ئەو ئامانجانەی کە ئەوان کاری بۆ دەکەن. لەدووتوێی ئەو ملمانێیەدا ئیسلامی سیاسی دێت دیوارێکی گەورە دروست دەکات لەنێوان ئەو خەڵکەی کە ساڵەهایە دینداری دەکاتو بەئاسوودەیی پەیوەندی خۆی لەگەڵ خودادا گرێدەدات (بەچاونوقاندن لەلایەنە ئەرێنیو نەرێنییەکانی دین)، لەگەڵ ئەو دیندارییە پاکو بەریئەی کە تێکەڵ نابێ بە هیچ ئامانجێکی سەر زەوی، ئارامییەکی پڕ لەئۆقرەی پێدەبەخشێو وزەیەکی گەورەی پێدەدات بۆ کۆڵنەدانو کۆشش کردن لەپێناو ژیانێکی ئاسوودە. ئیسلامی سیاسی دێ زۆر بەچاوەڕێنەکراوی پێیدەڵێ ئەوەی تۆ ساڵەهایە دەیپەرستی هەڵەیەو تۆ لەسەر زەلالەتی، تۆ ونبوویو بەدوای کڵاوی بابردوو کەوتووی. ئەو جۆرە وتارە جۆرێك لەسەرلێشێوان بۆ زۆربەی خەڵکی دیندار دروست دەکاتو هزرو ویستو سۆزی لەگەڵ خوادا دەخاتە سەر مەحەك. دووچاری راڕاییو نابینایی و گومانی گەورەی دەکات نەك بۆ ئەوەی خەڵکی بگەڕێنەوە بۆ دینداری بەڵکو بۆ ئەوەی خەڵك هانبدات بۆ کۆمەڵێك ئامانجی هەمەدارو ئاڵۆز. کۆمەڵە ئامانجێکی وا رابردوو زۆر بەتوندی تیایدا ئامادە دەبێت. یا باشتر بڵێم ئامانجگەلێکن دەیانەوێ رابردوو زیندوو بکەنەوە، بەڵام کام رابردوو؟ ئەو رابردووەی کە لەدیدی ئەواندا بێ گوناهە (معصوم)ە خودا بەتوانا گەورەکانی دەستی لەدروستکردنیدا هەبووە، پڕ لە کەرامەتە، پڕی عەدالەتو یەکسانیو لەخۆبوردوویو جوامێریو رەوشتی بەرز بەرزە. رابردوویێکە مرۆڤی ئاسایی دروستی ناکا، مرۆڤێکن لەسەرچاوەی وەحییەوە هەنگاو دەنێن، بەوەحی فرچك دەگرن، هەقێکی رەهاو بێ فروفێڵیان لەلایە. رابردوویێك پێچراوە بۆ کۆمەڵێك پیرۆزیو ئەوهام نەرەخنە وەخۆ هەڵدەگرێتو نەقابیلی رەخنەیە. زەمەنێکە زێڕینەو لەپێناو گێڕاندنەوەی ئەو زەمەنەدا دەبێ کار بکەن، ئەو زەمەنە بە هەموو جوانیو پیرۆزیەکانییەوە ئامادە دەبێ، بەرامبەر ئەو زەمەنەی کە تەواو پێچەوانەی ئەو وێنا کردنەیە کە پێشتر باسی لێوە کرا. بۆیە ئەو دینداریەی کە لەزەمەنی ئەمرۆدا درێژەی پێدەدری دینداریێکی راستەقینە نییە، دینداریێکە لەو سەرچاوانە سەر ناگرێ کە وەچەی زەمەنی زێڕین دروستی کردووە، ئەو زەمەنەش سێ سەدە دەگرێتەوە بەپێی فەموودەیەك کە دەڵێ: (**خير القرون قرني ثم الذين يلونهم ثم الذين يلونهم**)، باشترین سەدە سەدەی منە پاشان ئەو سەدەی کە بەدوایدا دێتو پاشان ئەو سەدەی بەدوای ئەوی تردا دێت. کەواتە لەزیهنیەتی ئەو رەوتە فیکریە تازەدا ئەو سێ سەدەیە دەبێ بەهەموو جوانیو پیرۆزیەکانی بگەڕێتەوە.

ئەم هزرو ئایدیایە کۆمەڵێك ئیشکالیەتی گەورە لەگەڵ خۆی دێنێتە پێشەوە.

یەکەمیان: وەکو لەپێشەوەدا گوتم ناشیرین کردنی هەموو شێوە دینداریەك مادام لەسەرچاوەی سەلەفەوە سەری نەگرتبێتو وەکو ئەوان رەفتار نەکات.

دووەمیان: ئەو ناشیرین کردنەش کۆمەڵێك دەرهاوێشتەی هەمەجۆری لێدەکەونەوە. لەپێشەوەی هەموویاندا گەڕان بە دوای ئەلتەرناتیف. یا لەدەستدانی باوەڕ بەوەی ئێستاو بەوەی دوێنێش.

سێیەمیان: ئیشکالیەتی هەڵبژاردنی گەڕانەوە بۆ زەمەنی رابردوو، زەمەنی رۆحو زەمەنی ئامادەبوونی خوا لەپشت مرۆڤەکانو دڵسۆزی ئەوانیش بۆ خوا وەکو لەئایەتێکدا هاتووە (**رضي الله عنهم ورضوا عنه**). کەواتە دەقەکە بەشێوەیەك دێتە پێش کە لەخۆ بۆتەوە.

پەروەردەکردنی وەچەیەك لەسەر ئەو شێوازە بیرکردنەوەیە لەدەستدانی متمانەکردنە بەخۆو بەهەموو ئەو توانایانەی کە ئەمرۆ ئامادەن. ئەو ئایدیایە وەچەیەك دروستدەکات تەواو پێچەوانە بێت لەگەڵ هەموو ئامادەبوونێك، ئامادەبوونی فیکریو جەستەیی. بۆ ئەو ساتانە دەگەڕێ کە ئامادەی ئەمرۆیان بکەنو لەساتو کاتی ئامادە بوونی ئەو جۆرە ساتانەشدا بمرن. ئەو ساتانەی کە پیرۆزنو لەگەڵ پیرۆزانیشدا دەژین. ئەو ئایدیایە تەنها بەپراکتیزە کردنی دەقە دینیەکان نین، بەڵکو زیندووکردنەوەی پاڵەوانانی دوێنێیە، کاتێك کە دەستەوستان دەمێنن لە دروستکردنی پاڵەوانی تازەی وەکو ئەوان. لەزەمەنێك کە سادەیەو دوورە لە هەموو ئەو گرێکوێرانەی کە ئەمرۆ بەئاسانی بەدەست نایەن. زەمەنێك کۆمەڵێك بڕوبیانۆ دەداتە دەست ئەو بابایەی کە فەشەل دێنێ لە چاککردنو باشکردنی باری ئابووری خۆیو دەوروبەری، بەحوکمی ئەو بارودۆخەی کە تیایدا دەژیێ کۆمەڵێك دەسکەوت لەدەستدەدات دواتر بۆی ناگەڕێنەوە. بارودۆخێکی پڕ کەبتکردنو دوور لەئازادی تاكو ئازادی بیرکردنەوەو هەڵبژاردن. ئەو پەروەردە کردنە کتومت لەسەر رق بینا دەکرێ، رقبوونەوە لەئێستای گڵاو. رقبوونەوە لە داهێنان، رقبوونەوە لە هەموو ئەو کۆنە نوێیەی کە لە بیرو هزری سەلەفەوە هەڵنەهێنجراوە.

فاکتەرێکی تریش زۆر بەتوندی ئامادە دەبێت ئەویش هزرو ئایدیای ئەو بیریارە ئیسلامیانەیە کە هەر یەکەو بەپێی بارودۆخو بەقەد کڵاو باڵای کۆمەڵگای خۆی قسە دەکاتو بڕیاری چارەنووس ساز لەسەر مەسەلەکان دەدات.

لێرەدا دوو بارودۆخی جیاواز دەستەو یەخەی یەکتری دەبن. بارودۆخێکی دەرەوەی کۆمەڵگای کوردی بارودۆخێکی تری ناوەوەی ئەو کۆمەڵگایە. ئەوەش خۆی دەنوێنی لەئامادە بوونێکی تر لەزیهنیەتی ئەو ئیسلامیەی کە لەکۆمەڵگای کوردی ئامادەیە. بەو مانایەی کە نەك هەر دەیەوێ زەمەنێکی دوور ئامادە بکات بەڵکو بەو مانایەی کە تەفکیرێکی تر بۆ هزرو بیری خۆی ئامادە دەکات، نەك بۆخۆی تەفسیر بۆ دەقەکان بدۆزێتەوە بەڵکو پشت دەبەستێ بەتەفسیرێکی دەرەکی بۆ هەموو ئەو گیروگرفتانەی رۆژانە دێنە پێشەوە. کەواتە ئامادەکردنی زەمەنێکی رابردوو تەفسیرێکی دەرەکی بۆ هەموو گیروگرفتە ئامادەبووەکان لەسەر گۆرەپانی کوردیداو گەڕان بەدوای وەڵام لەفیکری ئەو کەسانەی کە لە بارودۆخێکی تەواو جیاواز لەویستو داخوازیو ئامانجەکاندا دەژین.

ئەوەی ئاشکرایە ئیسلامیەکان لەزۆربەی وڵاتانی ئیسلامی بەدوای ئازادیێکی تەواو جیاوازدا دەگەڕێن لەو ئازادیەی کە مرۆڤی کورد پێویستیەتی. ئەوان دەیانەوێ دەسەڵات وەرگرن، ئەوان بەدوای ئازادی سیاسیو رادەربڕیندا دەگەڕێن. کۆمەڵگای کوردیش بەدوای ئازادی وڵاتو تاكو کۆمەڵگادا دەگەڕێ. ئەوان دەیانەوێ لەناو ئەو سیستەمەی کە بەرێوەیە شوێنیان ببێتەوە تا بۆ دواجار بیکەن بەئیسلامیو هەنگاوەکانیان کورت بکەنەوە، جێپێیان لەناو گەمەی سیاسی ببێتەوە. ئەو داخوازیە جیاوازی زۆرە لەگەڵ داخوازی کوردێك کە دەیەوێ ببێ، بوونێك وەکو هەموو بوونێکی تر، دیار بێت وەکو هەموو دیاربوونێکی تر، وڵاتێکی هەبێت وەکو هەموو میللەتێکی تر، ئاڵاییێکی جیاواز لەئاڵاکانی تر هەڵبدا وەکو هەموو میللەتێکی تر، دەیەوێت ئامادە بێت، چیتر پاشکۆ نەبێت، ئەویش بەشی لەبەخششەکانی ئەو خوایەدا هەبێت کە ئەوان بڕوایان پێ هەیە، هی کوردیش بێت وەکو هی ئەوانیشە. لێرەدا ئیشکالیەتەکە لەنێوان دوو ئیرادەی جیاواز دایە، ئیرادەیەك ئەو سنوورانەی کە کوردستانیان دابەشکردووە بە پیرۆزیان دەزانێت. ئیرادەیەکیش دەیەوێ ئەو سنوورانە هەڵوەشێنێتەوە.

ئیرادەی یەکەم ئیرادەیەکی پیرۆزە چونکە مانەوەی یەکپارچەیی وڵاتی ئیسلامیە، وەستانە بەرووی هەموو ئەو پلانو ئاژاوانەی کە دەیانەوێ وڵاتانی ئیسلامی پارچە پارچە بکەن، سنوورەکان بگۆڕن، ئەو ئیرادەیە یەکریزیو یەکبەرەیی رژێمو ئیسلامیەکانە، ئیرادەگەلێکە لەسەر هەموو شتێك ناکۆکە تەنها لەسەر مانەوەی ئەو سنوورانە نەبێت کە لەساتە وەختێکی زاڵمو بێ پرسی خاوەنەکەی کێشراون.

ئیرادەی دووەم ئیرادەیەکی نامۆیە، نەتەوە پەرستی تەسکە، بۆگەنە، بۆیە دەستەو یەخە دەبێت لەگەڵ ئیرادەی یەکەم. لێرەدا ئیرادەی یەکەم دەبێ بەکولتوورو هەموو شتێك بە فیکری پیلانگێڕان لێکدەداتەوە، بەوەی کە ئیسلام رووبەڕووی کۆمەڵێك هێرشی هەمەجۆرو دژوار دەبێتەوە، دینداریو مرۆڤی مسوڵمانو کۆمەڵگای ئیسلامیو وڵاتانی ئیسلامی ئامانجی ئەو پیلانگێڕانەن. ئەمەریکاو سەهیۆنیەتو نۆکەرەکانیان کار بۆ ئەو لەباربردنە دەدەن. ئەمرۆ کاتی باسکردنی مەسەلە چارەنووس سازەکانە، نەك مەسەلە نەتەوەییە تەسکەکان، ئەو باسکردنە خزمەتی ئامانجی ئەو پیلانگێڕانە دەکات. کەواتە ئەوەی کار بۆ جودابوونەوەو وڵاتێکی سەربەخۆ بکات لەخزمەتی دوژمنانی ئیسلام دایە. ئەمە هزری هەموو ئەو ئیسلامیانەیە کە لەناو کۆمەڵگای نەتەوە سەردەستەکاندا دەژیێن. ئەو کۆمەڵگایانەی کە کوردستانیان لەژێر دەست دایە. بۆیە ئا لێرەدا ئیسلامییە کوردەکان ئامادەی ناو هەناوی کۆمەڵگای کوردی نین نە بە زەمەنو نە بە ئیرادەی گشتی جەماوەری کورد. بەڵکو ئامادە دەبێ بە ئیرادەیەکی نامۆ لەزەمەنێکی جیاواز. ئەو ئامادە بوونە رێزپەڕو لاپەرگەی دەکاتو دووری دەخاتەوە لەئیرادەی راستەقینەی گەلی کوردستان. ئەو بوونە بەتەواوەتی دەبێتە ئامادەبوونێکی نامۆ. هەموو ئەو دەرهاوێشتانەش کە لەو پەروەردەدا سەردەگرن دەرهاوێشتەی نامۆ دەبنو رێزپەڕیش دەبن. تەنانەت رێزپەڕ دەبن بەو ئینتیمایەش کە هەڵیان گرتووە. ئەوان هەوڵدەدەن ئەو ساتانە بژێیننەوە کە خزمەتی خواستەکانی ئەوان دەکات. ئەوان ئەو تەفسیرانە هەڵدەبژێرن کە دواجار پاڵیان دەنێ بۆ خۆکوشتن، چونکە ئەو خەیاڵەی ئەوی لەسەر راهێنراوە لە بوونی بەرچاودا نییە، لەو زەمەنەدا نییە، لەناو ئەو کۆمەڵگایەدا نادۆزرێتەوە، ناچاریشە بەدوایدا بگەڕێت. ئەو ئامانجەش کە لەپێناویدا هاتووە لەقوڵایی مێژوودا هەیە گێڕانەوەی خۆی لەکۆمەڵێك بەربەستی پۆڵایین دەداتو لەپێش هەموشیاندا هزرو شێوازی بیرکردنەوەی ئەوانە، کە ناتوانن ئامادەی ئەو زەمەنە بن، ناتوانن سوڵح لەگەڵ ئەو زەمەنەو هەموو دەرهاوێشتەکانیدا بکەن. ناتوانن گەمەکەری هیچ گۆڕەپانێکی گەمەی هاوچەرخ بن. بۆیە بڕیاری دەرچوون لەو زەمەنە دەدات بەدوورینەوەی کۆمەڵێك رۆحی نەگریس، هەرچەند ئەو رۆحە نەگریسانەش زۆر بن باشتر دەبێو گەیشتن بەو ژیانە ئەبەدیە خێراتر دەبێ.

کارای ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە لەماوەی شەوو رۆژێکدا دروست نابێت. چونکە رق چاندنیش وا بەئاسانی نابێت. بەڵکو بەپێی پلانێکی وردو دوورو درێژو زۆرجار چەند ساڵەدا دروست دەکرێت. یەکێك لەو کتێبانەی کە هەر لەسەرەتاوە خوێندکاری لەسەر رادەهێنرێ (احاديث الى الطلاب)ی ئەبولئەعلای مەودودی پاکستانییە. ئەو پێوەری زیرەکیو کارامەیی بابای خوێندکار بەئاستی دژایەتیکردنو رقەبەری ئەو خوێندکارە دادەنێ لەگەڵ دایكو باوکی. کێ یەکەم کێشەی لەگەڵ دایكو باوکیدا دەبێ ئەو لەهەموویان خاوێن ترو چالاك ترو ئیمان گەرمو گوڕ ترە. کردنی دایكو باب بەبەرەی دژ بەمنداڵەکەیان مەدلولی گەورەو پڕ مانای هەن، ئەوە دەگەیەنێ کە ئەوان هەر لەسەرەتاوە ئەو منالە لەسەر رق لە دژی هەموو بوونێکی ئەمرۆدا هەڵدەنێن، با ئەو بوونەش دایكو باوك بن. ئینجا دەوروبەر (الاقربين)و کافرە نزیکەکانن. ئەوەش جێگای سەرنجو گومانە ئەو فیکرو بۆچوونە توانای ئامادە بوونی نییە لەزەمەنی ئەمرۆ بەو شێوە نەبێ کە ئەو دەیەوێ. کە پەروەردەکارانیان دەیانەوێ.

ئەوەی بەگرنگی دەزانم لێرەدا باسی بکەم ئەوەیە، ئەو فیکرە فیکری ئەزمەیە، ئەو فیکرە لە کەشو هەواییکی پڕ لەقەیراندا لەدایکبووە. لەکەشو هەوایێك کە هەموو فەلەستین یا بەشێکی زۆری بۆ دوا جار لەجەستەی نیشتمانی عەرەبی دابڕدرا. رژێمەکان هیچ پانتاییەك بۆ ئازادی کۆمەڵگاو تاکە کەس ناهێڵنەوە لەژێر بروبیانۆی شەڕو داگیرکردنی فەلەستینو قۆناغی شۆڕشدا. لەکاتێکدا دەبێت فیکری قەومی عەرەبی پەیتا پەیتا بەرەو هەڵدێر دەڕوات، بۆ دوا جار ئەو فیکرە دەیەوێ خۆی رزگار بکات، دێتو خۆی لەناو پرۆژەی ئیسلامیدا دەگرێتەوە، جیاوازیێك نابینێ لە ناو ئەو دوو پرۆژانەدا، بەڵکو دێت بۆ جارێکی ترخۆی گرێدەداتەوە بەئیسلامو بەو مێژووە پڕ سەروەریەی کە رابردوویەتی، ناسیۆنالیستی عەرەب دێ تەماشای مێژووی خۆی دەکات، شتێك لە مێژووی خۆیدا نادۆزێتەوە جگە لەئیسلام، **عەرەب بێ ئیسلام واتە کۆمەڵێك قەبیلەی دژ یەكو پەرتەوازە**، پێکهاتەیەکی گێژو بێ فاعیلیەتو ژێر دەستەی ئیمپراتۆریەتی رۆمو فارس. بۆیە دێتو ئیسلام ئامادەی ئەمرۆ دەکاتەوە وەکو پرۆژەیەکی سیاسیو فیکری نەگۆڕ، بێ ئەوەی کەم تا زۆرێك دەسکاری بکات. خەونی گێڕانەوەی ئیمپراتۆریەتە روخاوەکانی دەداتەوە. خەونی ئەوەش دەبینێ لەژێر سێبەری ئیمپراتۆریەتێکی ئاوادا کێشەی ئەو گەلانەشی بۆ چارەسەر دەبێ. چونکە بۆ دواجار ئەوانیش دەگەرێنەوە ژێر ئەوامیری پیرۆزی خەلافەت. بۆ دواجار ئەو پرۆژەیە بەجیهانی دەکرێو جیهانبینیەکەشی لەقوڵایی دیرۆکەوە ئامادەی ئەمرۆ دەکرێ. بەو جۆرە هەوڵی ئەوە دەدەن شەرعیەتێك بۆ ئەو سەروەریە لەدەستچووە دروست بکەنەوە کە لەژێر سایەیدا هەموو گەلانی غەیرە عەرەب بە مەوالیو رەعیەتی دەوڵەتی خەلافەت ناوزەد دەکران. هەروەکو تورکیش هەمان خەونی گێڕانەوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی دەبینێنو هەر لەو دوڕیانەشەوە تەعامول لەگەڵ گەلانی تردا دەکەن. ئەو ئایدیایە تا ئەو ساتە بەتوندی ئامادەیە، ئەو ئایدیایە بەداخەوە بەجۆرێك لەجۆرەکان

(ئیخوان) و (قاعیدە) لەسیمادا بەجیاواز دەبیندرێن، بەڵام لەناوەڕۆکدا خاوەن یەك پرۆژەی بەجیهانیکردنەوەی دەسەڵاتی عەرەبین لەژێر دەمامکی ئیسلامیدا

ئیسلامی و حکومەتەکانی ناوچە لەهەموو شتێکدا ناکۆکن، بەڵام لەمەسەلەی مانەوەی سنورە دابەشکەرەکانی کوردستاندا یەکبەرەو یەکرێزن.

لەناو هەناوی وتاری عەرەبیدا بەئیسلامیو نا ئیسلامیەوە ئامادەیە. هەر ئەو وتارەشە کاریگەری راستەوخۆی لەسەر رەوتی ئیسلامی کوردیدا هەیە. **پرۆژەی ئیخوان زیندووکردنەوەی شێوەیەکە لەشێوەکانی ئەمەویەتو ئەو دەوڵەتەی ئەوان بۆ عەرەبیان بینا کردو** ئەو رەگەزە شۆڕشگێڕیەی کە بەتوندی لەفیکری ئیسلامیدا ئامادەیی هەبوو، ئەمەویەکان دێنو لە رەگوڕیشەوە دەری دێنن. ئەوان دێن دەوڵەتێکی نەتەوەیی عەرەبی دەمامك دراو بەئیسلامی ئەمەوی دادەمەزرێنن. پاشانیش "قاعیدە" دێ سیمایەکی توندوتیژ دەکاتە بەر ئەو فیکرەو شەڕ دژی ئەو هێزە رادەگەیەنێ کە کەرامەتو یەکپارچەیی عەرەب دەخاتە مەترسیو نەتەوەی عەرەب وەکو نەتەوە دەخاتە ژێر پرسیار. ئەو دوو بیرکردنەوەیە تەنها لەشێوەی کارو لەسیماکانیدا بەجیاواز دەبینرێ. بەڵام لەناوەڕۆکدا یەك پرۆژەی ئامادەکراوە بۆ بەجیهانیکردنەوەی دەسەڵاتی عەرەبی لەژێر دەمامكو چارشێوی ئیسلامدا.

ئەو بەجیهانیکردنەوەی پرۆژەی سیاسی عەرەبی لەژێر ناوی خیلافەتو بە دەمامکی ئیسلامی نا عەرەبە دیندارەکان حۆل دەکاتو مەستیان دەکات بە دروشمی دابەشکردنەوەی جیهان بەسەر دوو فەزادا، بەسەر دوو دەسەڵاتدا. دەسەڵاتێکی عەرەبی سیما ئەمەوی دەمامك دراو بەئیسلام کە پێی دەوترێ خانەی ئیسلام. دەسەڵاتێکی تری بێ دینو مەودای شەڕ، کراوە بۆ هەموو لایەك کە پێی دەگوترێ خانەی جەنگ.

ئەو جیهانبینیە زادەی پەروەردەیەکە لەدووتوێی چەند کتێبێکی هەمە چەشنەی نوسەرانی تازەی ئیسلامی سیاسیدا گەشە دەکاتو خەڵکی لەسەر هەڵدەنێن. خەڵکانێك هێندەی بە رواڵەتو شێوەی جلوبەرگو درێژیو کورتی ریش ئۆقرە دەگرنو خەڵك دەپێون، هیچ ئەوەندەیەکیش کار بۆ ئەوە ناکەن ئینسان ببێتەوە بەمیحوەر. ئینسان لەدیدی ئیسلامدا کردەی خودایە بێ لەبەرچاوگرتنی بیرو بۆچوونو جۆری بیرکردنەوەی، نایەتو جارێکی تر متمانە بۆ ئەو کردەیە دروست بکاتەوە، کار بکات بۆ گەڕانەوەی ئینسان بۆ ناوەڕۆکو پەرستنی خودایەك کەهی هەموانە. لێ لای ئەوان خودا تەنها هی کۆمەڵێکە وەکو یەك بیر دەکەنەوە. ئەو خودایەی ئەوان دۆزەخێکی گەورەی بۆ هەموو ئەو مرۆڤانە ئامادە کردووە کە لەگەڵ ئەواندا نابنو بۆ ئامانجەکانی ئەوانیش کار ناکەن. ئەوان وتەبێژی خودان لەسەر زەوی بەمانای (خەلیفەی خودا) بەڵام خەڵکی تر بۆگەنەو بەدوای دونیا کەوتوون. دونیاش کەلەشێکی تۆپیوەو تەنها سەگ لەسەری دەلەوەڕێن (الدنيا جيفة آكلە كلاب). ئەو جۆرە باوەڕهێنانەیە توانای مرۆڤ دەکوژێتو بەرەو عەدەمی دەبات، هەر ئەو جۆرە باوەڕەشە پێچەوانەی فەرموودەیەکی ترەو دەڵێت (ئەگەر زانیت وا دونیا کاول دەبێتو تۆش شەتڵێکت لەدەست بوو دەبێ بیچەقێنی). ئەوە ئەو ساتەیە کە ئیسلام وەکو دینێك خۆی دەنوێنێ، ئیش بۆ ژیان دەکات، گرنگ نییە کێ لەو ژیانە دەخوات گرنگ ئەوەیە تۆ شەتڵێك بۆ ژیان زیاد دەکەی، یا ژیان بەشەتڵێك دەبەخشی، چ جای بە مرۆڤێك. فەرموودەکەی یەکەمیش ساتە وەختێکی ترە ئەگەر راستی تێدا بێت ئەوا لایەنە سۆفیگەرێتیەکەیەتی کە لایەنێکی ئەرێنی بۆ دەخولقێ بەهێزترە لەلایەنە نەرێنیەکەی کە ئەمرۆ بۆ پیسکردنی ژیان سوودی لێدەبینن.

ئالێرەدا دەمەوێ یەك جیاوازی باس بکەم لەنێوان بزاڤی ئیسلامی عەرەبی، بەتایبەتیش فەلەستینی کە کێشەکەیان تا رادەیەك نزیکە لەکێشەی کورد، لەگەڵ بزاڤی ئیسلامی کوردستانی. ئەو جیاوازیەش مەسەی ئاڵایە. هەموو رەوتە ئیسلامیەکانی فەلەستین جگە لەئاڵای حیزبی خۆیان ئاڵای فەلەستینیش هەڵدەکەنو لەسەریشی دەبەستن، بەڵام ئیسلامیە کوردەکان ئاڵای کوردستان نەك هەر لەسەریان نابەستن بەڵکو بەئاڵاییێکی بۆگەنیشی دەزانن چونکە لەزیهنیەتی ئەوان ئەو ئاڵایە هی نەتەوەیە، مۆرکی ئیسلامی پێوە نییە، هی خەڵکێکە نەتەوە پەرستە، نەتەوە پەرستیش لەئیسلامدا نییە. بۆ فەلەستینیەك رەوایە بەرگری لەنەتەوەی خۆی بکات، ئاڵاشی هەڵبگرێ، بەڵام بۆ کوردێك نارەوایە. کوردێك باسی کێشەی نەتەوەیی بکات نەتەوە پەرستییە بەڵام هی فەلەستینی جیهادو شەهادەتە. ئاڵای فەلەستین لەئاسمان هاتۆتە خوارەوە، بەڵام هی کورد پاشماوەی ئاتەشگا کۆنەکانی ئاگرپەرستانە. لێرەدا نەك هەر کەسایەتی کوردی ئیسلامی دەکەوێتە ژێر پرسیار بەڵکو کەسایەتی کورد بەشێوەیەکی گشتی دەکەوێتە ژێر پرسیار. چونکە ئەوە هەر ئیسلامییەکی کورد نییە شەرمی بەئاڵای خۆیەتی ئەوە مێژوویێکە جێگای کوردی وەکو هەموو مرۆڤەکان تیادا نابێتەوە، ئەوە مرۆڤی کوردە حەزی بەژێردەستەییەو دەیەوێ لەپاشکۆی فیکری خەڵکانی دی بلەوەڕێ. ئەوە کوردەو ناتوانێ متمانە بۆ خۆی دروست بکاتو بۆ جارێکیش ببێ بەپاڵەوانی مێژوو. ئەوە کوردە دەرفەتی گەورە لەدەست دەداتو شەرم ناکا بە دیکتاتۆرێك بڵێ گەورەم، بەڵام نەك هەر ئەوە ناکات بەرامبەر هاوزمانو هاوچارەنوسی خۆی بەڵکو زمانی گوڵلەشی لەگەڵدا بەکاردێنێ. ئەوە کوردەو تا ئەو ساتەش نەیتوانیوە خۆی بدۆزێتەوە.

٢٠٠٤/٩/١٣